سەرکایەتی کەماری عێراق سەرکەنەی تەقینەوەکانی ئێران دەکات

سەرۆکایەتی کەماری عێراق سەرکەنەی تەقینەوە تیرۆرستییەکانی شاری کرمانی ئێران کرد،هاوکات پشتیوانی و پاڵپشتی عیراق بە روبەڕوبونەوەی ئەو کردەوە تیرۆریستییە شەرمەزارکەرانە دوپاتدەکاتەوە سەرۆکایەتی کەمار لەڕاگەیەندراوەکدا رایگەیاند"سەرۆکایەتی کەمار ئەو تەقینەوە تیرۆریستیانە ئیدانە دەکات، کە لە شاری کرمانی ئێران رویاندا و دەیان هاووڵاتی سڤیل گیانیان لەدەستدا و بریندار بون".

سەرۆکایەتی کەمار بەگوێرەی راگەیەندراوەکەی"پشتیوانی و پاڵپشتی عێراق بە روبەڕوبونەوەی ئەو کردەوە تیرۆریستییە شەرمەزارکەرانە دوپاتکردەوە".

سەرۆکایەتی کەمار سەرخۆشی و هاوخەمی خۆی بە سەرکردایەتی و حکومەت و گەلی کەماری ئیسلامی ئێران بەهۆی ئەو روداوە دەتزێنەوە دەبێ،ئنزای بە خوای گەورەش کرد قوربانییەکان بخاتەبەر ڕەحمەتی خۆی و سەبوری و ئارامی بە خانەوادەکانیان ببەخشێت، هەروەها بە زوویی شیفای بریندداران بدات.